# مالکی سەرپەرشتی شەڕی بەسرە دەکات، دوو رۆژ هاتوچۆی بەغداش قەدەغە دەکرێ

بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی عێراق راستەوخۆ سەرپەرشتی ئەو شەڕە دەکات کە چەند رۆژێکە زۆر بە توندی لە شاری بەسرەدا دژ بە چەکدارە نەیارەکان بەڕێوە دەچێ. ئەو شەڕە دەیان کوژراوو بریندداری لێکەوتۆتەوە، زیان بە دامەزراوەکانی دەوڵەتیش گەیشتووە.

لەلایەکی دیکەوە هەواڵەکان ئاشکرایان کرد کە حکومەتی بەغداد لەئێوارەی رۆژی پێنجشەممە ٢٨-٣-٢٠٠٨ەوە تا بەیانی ئەمرۆ یەکشەممە ٣١-٣-٢٠٠٨ ، لەسەرانسەری بەغدا هاتووچۆی قەدەغە راگەیاندووە، ئەو بڕیارەش هاتووچۆکردنی پیادەو سەرجەم ئۆتۆمبیلەکانی گرتۆتەوە. ئەو بڕیارەی حکومەت هێندە ترسناک بوو کە لەرێی بلندگۆوە دانیشتووانی ناوچەکانی بەیاعو ریسالەو شوهەداو خۆرئاوای بەغدادی لێ ئاگادار کراوەتەوە، هەر سەرچاوەکانی هەواڵیش رایانگەیاندبوو کە شاری موسڵ لە رەوشێکی نالەبارو خراپ دایە، باری ئاسایش و هێمنایەتی بەتەواوی شێواوە، خەڵک لە سەرو گیانی خۆیان دڵنیانین، تا دێ توندوتیژیەکان گەورەتر دەبنەوە.

ئەگەر بەلاچاوێکەوە سەیری رەوشی هەر سێ شارە گەورەکەی عێراق بکەین، دەگەینە ئەو ئاکامەی کە عێراق لە رەوشێکی دژوارو ترسناک دا دەژی، هێزەکانی ئەمریکاو حکومەتی بەغداد دەست لە ئەژنۆ دانیشتوون و ناتوانن رەوش ئاسایی و هێوربکەنەوە. وێڕای ئەوەی کە جۆرج بووشی سەرکۆماری ئەمریکاو کاربەدەستە باڵاکانی حکومەتی عێڕاق بانگەشەی سەرکەوتن دەکەن و دەیانەوێ لە عێراقەوە ریشەی تیرۆری نێودەوڵەتی دەربهێنن، سەرەنجام عێراق بکەنە ئەو نموونە خوازراوەی دیموکراسی رۆژهەڵاتی ناڤین و پێشانی جیهانیان بدەن!!

بەڵێنەکانی کاربەدەستانی عێراق بەتایبەتیش بەڵێنەکانی نوری مالکی سەرۆک وەزیران بۆ بنبڕکردنی تیرۆر، بەتایبەتیش کە ماوەیەک لەمەوبەر گوتبووی کە دواین شەڕی ئەوان لەگەڵ رێکخراوی ئەلقاعیدە لە شاری موسڵ دەبێ، وەکو حیکایەتی مێشی لێهاتووە، هەر درێژو درێژتر دەبێتەوە.



نوری مالکی و حکومەتی بەغداد مژدەیان بە گەلانی عێراق دابوو کە لەگەڵ کۆتایی هاتنی ساڵی ٢٠٠٧ توندوتیژیەکانی ناو عێراق کۆتاییان دێ، گروپە چەکدارەکان لەنێو دەچن، لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٨یشدا دوای بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ئاشتەوایی نیشتمانی کابینەیەکی بەهێز پێکدەهێندرێ، بەو هۆیەشەوە ئاسوودەیی و بەختەوەری و هێمنایەتی بۆ وڵات دەگەڕێتەوە، بەڵام ساڵی ٢٠٠٧ تەواوبوو، کەچی رێکخراوی ئەلقاعیدەو گروپە چەکدارەکان نەک هەر کۆتاییان نەهاتووە، بەڵکو توندوتیژیەکان زۆرتر بوونە، عێراقیەکان زیاتر دەکوژرێن، تا ئێستاش عێراق یەکێکە لە ترسناکترین و پڕئاژاوەترین وڵاتانی جیهان.

ئەگەرچی ئەو کۆنگرە ئاشتەواییەی کە نوری مالکی بانگەشەی بۆ دەکردو بە دەروازەی پێکهێنانی کابینەیەکی بەهێزی دادەنا لەماوەی رابردوو بە ساردو سڕی بەڕێوەچوو، نەک هەر نەیتوانی گروپە نەیارەکان ئاشت بکاتەوە، بەڵکو لیستە بەشداربووەکانی نێو پەرلەمانی عێراقیشی بەرو لێکترازانی زیاتر برد. ئەو ماوەیەی کە نوری مالکی بۆ هێورکردنەوەی رەوشی شاری موسڵ دیاری کردبوو نەک هەر نەیتوانی هێمنایەتی بۆ شاری موسڵ بگێڕێتەوە، بەڵکو پارێزگای نەینەواوی خەڵتانی خوێن کرد، شەڕو توندوتیژیەکانی بۆ بەغدادو بەسرە هێنایەوە.

کۆنگرەی ئاشتەوایی و بەڵێنی مالکی بۆ دواین شەڕ لەگەڵ ئەلقاعیدە نەک هەر مایەپووچ بوون، بەڵکو ئاڵۆزبوونی رەوشی عێراق وایکردووە کە نوری مالکی بۆ خۆی بچێتە شاری بەسرەو سەرپەرشتی شەڕ بکات، وایکردووە کە هاتنوچوون لەنێو شاری بەغداد قەدەغە بکرێ، بەڵێنەکانی مالکی و بووش بۆ بەهێزکردنەوەی عێراق و گێڕانەوەی بۆ سە شانۆی عەرەبی و جیهانی نەک هەر بوونەتە بڵقی سەر ئاو بەڵکو تەریک بوونەوە و گرژبوونی رەوشی سێ شارە سەرەکی و گەورەکەی عێڕاق وایکردووە کە نوری مالکی نەتوانێ بەشداری لە کۆبوونەوەی لوتکەی عەرەبیدا بکات کە لەرۆژانی داهاتوودا لە دیمەشق دا بەڕێوەدەچێ.

ئێستا دوای پێنج ساڵ لە روخاندنی رژێمی بەعس و رزگارکردنی گەلانی عێراق لەدەست ئەو رژێمە هارو دڕندەیە نەک هەر رەوشی عێراق ئاسایی نەبۆتەوەو ئازادی و دیموکراسی وەدی نەهاتووە، نەک هەر رەوشەکە بەرەو باشی نەڕۆیشتووە، بەڵکو وای لێهاتووە کە زۆرینەی عێراقیەکان بە نیگەرانیەوە لە داهاتووی خۆیان بڕوانن و بە دوای دەرفەتی دەربازبوون لەو بەهەشتە بگەڕێن کە پێش پڕۆسەی ئازادی عێراق ئەمریکاو هێزە نەیارەکانی سەدام بانگەشەیان بۆ دەکرد، خەڵکی تینووی ئازادی عێراقیش هیواو ئاواتەکانی خۆیان لەسەر هەڵدەچنی.

ئێستا دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر رووخانی سەدام و رژێمەکەی، زۆرێک لە چاودێران دەپرسن: ئایا رووخاندنی سەدامی دیکتاتۆر پێویستی بەو هەموو باج و خوێن رژانە هەبوو؟!

ئێستا دوای پێنج لە هاتنی هێزەی هاوپەیمانان بۆ عێراق و سەپاندنی دەستەڵاتی داگیرکاری نەک هەر سۆزو بەڵێنەکان بۆ دیموکراتیزەکردنی عێراق و خۆشبەختی جێبەجێ نەکراون، بەڵکو خەڵکی عێراق سەرگەردان و بێچارەن، حکومەتی عێراق نەک هەر کلیلی دیموکراتیزەکردنی لێ بزبووە، بەڵکو دەیان گروپی مافیای دەست ئاوەڵا کردوە، مۆڵەتی دزین و لرفکردنی سامانی گشتی پێداون، دەستوور بە دەیان هێزی سەرکوتکەری هاوشێوەی بەعس دراوە تا بەبیانۆی شەڕی تیرۆرەوە رۆژانە خەڵکی ئاسایی بگرن و بەرەو زیندان راپێچیان بکەن. ئێستا لەسێبەری ئەو حکومەتە نیشتمانیەی کە بانگەشەی بۆ دەکرا نەک هەر زیندانەکان لە خەڵکی بێتاوان و لاشەر لێوان لێون، بەڵکو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ئاماژە بەو دەستدرێژیانە دەکەن کە لە زیندانەکانی عێراقی فیدراڵ دا دەکرێنە سەر ژنە گیراوەکان، باس لەو توندوتیژیانە دەکرێ کە بەمەبەستی وەرگرتنی ئیفادە بەرانبەر گیراوەکان بەڕێوەدەچن.

ئێستا دوای پێنج ساڵ لەمەرگی دیکتاتۆریەت نەک هەر زیندان و شارەکانی عێراق بۆنی خوێنیان بەرنەداوە، بەڵکو لاشەی کوژراەکان لەسەر شەقامەکان فڕێ دەدرێن، رۆژانە دەیان تەرمی نەناسراو دەدۆزرێنەوە، منداڵی بێ سەرپەرست زۆرتر دەبن، ژمارەی بێوەژن و خێزانە هەژارو نەدارەکان بەرەو هەورازتر هەڵدەکشێن، مرۆڤەکان دەرفێندرێن ودەکرڕدرێنەوە. رێژەی ئەکادیمیست و مامۆستایانی زانکۆ لە کورتی دەدات.

بەکورتی و بەکوردی رێژەی ئەو خوێنەی کە ئێستا لە عێراقی هیواو ئاشتیدا دەرژێ زۆر لەو خوێنەی کە لەسەردەمی رژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕو سەدامی دیکتاتۆردا دەرژا، زیاترە. ئەگەر جاران دڵسۆزانی وڵات و مرۆڤایەتی، رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و لایەنە ئازادیخوازەکان داوای گۆڕکردنی بەعس و سەدامیان دەکرد، دەبێ ئێستا دەنگیان بەرز بکەنەوەو داوای گۆڕکردنی ئەم حکومەتەش بکەن، چونکە ئەگەر حکومەتێک لە ماوەی پێنج ساڵ دا نەتوانێ ئاسایش و هێمنایەتی بگێڕێتەوە، ئەگەر نەتوانێ بەر بەلافاوی خوێن رشتندا بگرێ، ئەگەر نەتوانێ بژێوی رۆژانەی خەڵک دابین بکات، ئەگەر نەتوانێ پڕۆسەی خوێندن و پەروەردەکردن درێژە پێبدات، ئەگەر لەبەر دزین و تاڵانکردن نەپرژێتە سەر پرۆژەکانی خزمەتگوزاری، حکومەتێک ئەگەر لەبەر شەڕو ئاژاوەکانی نێوەخۆی نەتوانێ نوێنەرایەتی وڵاتەکەی لە کۆبوونەوەکانی هەرێمایەتی و جیهانیدا بکات، سەرۆک وەزیرانی وڵاتێک ئەگەر بۆخۆی سەرپەرشتی شەڕی نێوەخۆی وڵاتەکەی بکات، دەبێ داوای رووخان و نەمانی بکرێ، دەبێ خەڵکی ئەو وڵاتە بەدوای جێگرەوەیەکی باشترو شیاوتر بگەڕێن.

**هاشم عەبدوڵا محێدین**
hashm_abdulla@hotmail.com

# تۆپبارانکردنی باشووری کوردستان دەبێ رابوەستێ

**کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان!**
**ئازادیخوازو سەربەخۆخوازانی جیهان!**
**کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتیەکان!**

ماوەی چەند رۆژێکە تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران خاکی باشووری کوردستانیان کردۆتە ئارمانجی خۆیان و کوێرانە گوندو ئاوایەکانی دەڤەری بیتوێن و پشدەر تۆپباران دەکەن و زیان بە خەڵکی ناوچەکە دەگەیەنن، بەوهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی گوندەکانی ئەو دەڤەرانە هەڵاتوون و روویان لە شارۆچکەکان کردوە. تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەژێر هەمان بیانۆو پاساو خاکی باشووری کوردستان تۆپباران دەکات کە ماوەیەک لەمەوبەر سوپای تورکیا ئۆپەراسیۆنی بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان ئەنجام داو بە لووت شکاوی گەڕایەوە.

تۆپبارانکردنی باشووری کوردستان لەلایەن تۆپخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران هاوکاتە لەگەڵ ئەو رەشەکوژیەی کە هێزەکانی تورکیا و رژێمی سوریا دژ بە کورد بەڕێوەی دەبەن، جەژنی نەتەوەیی نەورۆز لە کوردستانیان تاڵ دەکەن و ئاهەنگەکانیان بۆ شین و پرسە دەگۆڕن، ئەمەش نیشانەی هاوهەنگی لەنێوان هەرسێ حکومەتی ئەنکاراو دیمەشق و تاران دژ بە کوردستانیان خۆیا دەکات. لەم پێوەندەدا ئێمە وەکو چوار لایەنی کوردستانی زۆر بە توندی تۆپبارانکردنی خاکی باشووری کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ریسوا دەکەین و دەخوازین کە دەست بەجێ تۆپبارانکردن رابوەستێ و هەڕەشەکان کۆتا بکرێن، هاوکات داوا لە گشت مرۆڤدۆستانی جیهانی دەکەین کە بەرانبەر بەو تاوانە بەردەوامانەی کە دژ بە نەتەوەی کورد بەڕێوە دەچن بێدەنگ نەبن و دەنگی نارەزایی بەرز بکەنەوە.

ئێمە دووپاتی دەکەینەوە کە دۆستایەتی گەلانی ناوچەکە ئامانجی سەرەکی نەتەوەی کوردە، بەڵام پیلانێکی نێودەوڵەتی گەورە بۆ خۆشکردنی شەڕی نەتەوەکان لە رۆژهەڵاتی ناڤین لە ئارادایە، گەلەکۆمەکی لە نەتەوەکەمان دەکرێ، ئەگەر نەتەوەکانی ناوچەکە بە هۆشیاری و وردبینیەوە رەفتاری دەگەڵدا نەکەن بە زیانی گەلانی ناوچەکەو بە قازانجی بەرژەوەندخوازان و دیکتاتۆران تەواو دەبێ.

**ئەوانەی ئاگری شەڕ خۆش دەکەن ریسواو شەرمەزار بن.**
**خەباتی سەربەخۆخوازانەی گەلانی بندەست سەرکەوتووبێ.**

**حزبی رزگاریی کوردستان**
**پارتی سەربەستیی کوردستان**
**پارتی سەربەخۆیی کوردستان**
**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

٣ی نەورۆزی ٢٧٠٨ ی کوردی

# داگیرکەران لە جەژنی نەورۆزیشدا خوێنی کوردستانیان دەرێژن

**کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان!**
**ئازادیخوازو سەربەخۆخوازان!**

ئێوارەی رۆژی ٢٠ی ئازار، لە کاتێکدا کە دانیشتووانی شاری قامیشلۆی رۆژئاوای کوردستان رێورەسمی جەژنی نەورۆزو سەری ساڵی نوێیان بەڕێوەدەبردو مۆمیان دادەگیرساند، هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی رژێمی بەعسی سوریا هەڵیان کوتایە سەریان و تەقەیان لێکردن، بە فیشەک ئاهەنگی نەورۆزیان تاڵ کردو تاوانیان ئەنجام دا، لە ئاکامدا سێ لاوی کورد شەهیدو پێنجی دیکەش بریندداربوون، بەوهۆیەوە ئێمە لە کاتێکدا داخباری خۆمان دەردەبڕین و پرسەو هاوخەمی خۆمان بە بنەماڵەی شەهیدەکان رادەگەیەنین و هیوای چاک بوونەوە بۆ برینندارەکان دەخوازین، لەهەمان کاتدا زۆر بەتووندی رژێمی سوریا ریسوا دەکەین و داوا لە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی دەکەین کە لەبەرانبەر تاوانەکانی ئەو رژێمە بێدەنگ نەمێنێ و گوشاری بخاتە سەر، لە زووترین دەرفەتیشدا شاندێکی نێودەوڵەتی رەوانەی شوێنی رووداوەکە بکرێ و لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێ و بکوژانی کوردستانیان لە دادگەیەکی نێودەوڵەتیدا دادگەیی بکرێن و سزا بدرێن، چونکە داگیرکەران نەک هەر ماف و ئازادیەکانی کوردیان زەوت کردوە، بەڵکو لە جەژنی نەتەوەییشدا هەڵمەتی دەستگیرکردن و رەشەکوژی درێژە پێدەدەن.

لەلایەکی دیکەشەوە دوێنێ بەبۆنەی جەژنی نەورۆزو سەری ساڵی نوێی ٢٧٠٨ی کوردیەوە لە شارەکانی باکوری کوردستان بە تایبەتیش لە شاری ئامەد میتینگ و ئاهەنگی جۆراوجۆر سازکرا، ئەمرۆش لە شارەکانی وان و جۆلەمێرگ و سێرت بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە رێپیوان کرا، بەڵام هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی تورک لە شاری **وان** بە تانک و گازی فرمێسک رژێن هێرشیان کردە سەر خۆپێشاندەران، دەستیان بە تەقەکرد و زیاتر لە ٥٥ کەسیان بریندار کرد، دواتر دەستیان بە گرتن و راوەدونانی کوردستانیان کرد، لە شاری **جۆلەمێرگ** پۆلیسی تورک هێرشیان کردە سەر خۆپێشاندەران و تەقەیان لێکردن، بارەگای پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیان گەمارۆدا، هەروەها لە شاری **سێرت**یش پۆلیسی تورکی خەڵکیان بریندار کردو دەستیان بە راوەدونان و گرتنی خەڵکی سڤیل کرد، بە گوێرەی زانیاریەکان تا ئامادەکردنی ئەم راگەیاندراوە زیاتر لە ١١٠ کەس برینداربوونە، ١٦٠ کەسی دیکەش لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی تورکەوە دەستگیرکراون و رەوانەی زیندان کراون. لەو پێوەندەدا ئێمە جارێکی دیکەش هاوخەمی و هاوسۆزی خۆمان لەگەڵ باکوری کوردستان دووپات دەکەینەوە و هیوای چاک بوونەوە بۆ برینندارەکان دەخوازین، هەروەها زۆر بەتووندی رژێمی تورکیا ریسواو مەحکوم دەکەین، داواش لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وڵاتانی بڕیاردەری جیهانیش دەکەین کە چیتر لەبەرانبەر تاوانەکانی رژێمی تورکی رەگەزپەرست بێدەنگ نەمێنێ، هەم گوشار بخاتە سەر حکومەتی ئەنکارا، هەمیش هەوڵی دۆزینەوەی رێگە چارەی ئاشتیانەی کێشەی باکوری کوردستان بدات، چونکە ئەگەر تورکیا سیاسەتی خاپاندن لەبەرانبەر جیهانیان بەڕێوەدەبات و لەژێر پاساوی شەڕی تیرۆرەوە ئۆپەراسیۆن بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان دەکات و گوندو ئاواییەکانی کوردستان بۆمباران دەکات و وڵاتانی جیهانیش خۆیان بێدەنگ دەکەن، خۆ ئێستا بەبەرچاوی هەموو جیهانەوە هێزە چەکدارەکانی تورک لەنێو شارەکاندا هێرش دەکەنە سەر کوردستانیان، تەقە لە ژن و منداڵ دەکەن و بریندداریان دەکەن و شالاوی رەشبیگیری بەڕێوەدەبەن، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کە ویژدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی بڕیاردەری جیهان لەبەرانبەر تاوانەکانی تورک بجولێ و داوای لێبکرێ کە چیتر لە خۆڕاوە کوردستانیان شەهیدو بریندار نەکات و نکۆڵیش لەهەبوونی نەتەوەی کورددا نەکات و درێژەش بە داگیرکاری نیشتمانی کوردان نەدات.

**ویستی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستانیان سەرکەوتوو بێ.**
**داگیرکەران و بکوژانی ئازادیخوازان ریسواو رووڕەش بن.**

**حزبی رزگاریی کوردستان**
**پارتی سەربەخۆیی کوردستان**
٢٢-٣-٢٠٠٨

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com